گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٥)، زستان ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# تایبەتمەندییەکانی هونەری مینیمالیزم لە کارەکانی (مدحت کاکەیی)

**ڤیان أحمد محمد صۆفی**
بەشی شێوەکاری، کۆلێژی هونەر، زانکۆی سەلاحەددین- هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.
vianahmad982@gmail.com

**د. تانیا عبدالبصیر محمد حسن**
بەشی شێوەکاری، کۆلێژی هونەر، زانکۆی سەلاحەددین- هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.
tania.mohammed@su.edu.Krd

**زانیاریەکانی توێژینەوە**

**بەرواری توێژینەوە:**
**وەرگرتن:** ٢٠٢٢/١١/١٧
**پەسەندکردن:**٢٠٢٣/١/٢٦
**بڵاو کردنەوە:** زستانی ٢٠٢٣

**ووشە سەرەکییەکان:**
: *Characteristics, Art, Minimalism, Concept, History.*

**Doi**:
10.25212/lfu.qzj.8.5.13

## پوختە

پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا کاریگەری کردە سەر گشت بوارەکانی ژیان ، بەتایبەتی لەبواری هونەردا ، هونەرمەندان زیاتر لەڕووی فکرییەوە تابلۆکانیان دەکێشا ، هەر ئەوەش بووە هۆی سەرهەڵدانی چەندین ڕێبازی هونەری لەو ڕێبازانەش(هونەری مینیمالیزم )بوو.ئەم توێژینەوەیە باس لە (تایبەتمەندییەکانی هونەری مینیمالیزم لە کارەکانی (مدحت کاکەیی)، دەکات کە ئاراستەیەکی نوێی هونەری هاوچەرخە ، سنوری ئەم توێژینەوەیە پێکهاتووە لەو ساڵانەی کە هونەرمەند کارە هونەرییەکانی تیادا ئەنجام داوە،ڕێبازی توێژینەوەکە ڕێبازی وەسفی شیکارییە بۆ کارە هونەرییەکانی هونەرمەند (مدحت کاکەیی) یە، مەبەست لەم توێژینەوەیە دەرخستنی تایبەتمەندیە هونەرییەکانی مینیمالیزمە لە نێوکارەکانی هونەرمەند مدحت کاکەیی، توێژینەوەکە جگە لە پێشەکی و ئەنجام وای خواستووە کە دابەشبێت بە سەر سێ تەوەرەی سەرەکی، کە تەوەری یەکەم پێک دێت لە (گرفت ،گرنگی ، ئامانج ، سنورلەگەڵ دیاریکردنی زاراوەکان )،تەوەری دووەم سێ خاڵ لە خۆ دەگرێت (چەمکی مینیمالیزم ، مێژووی سەرهەڵدانی هونەری مینمیالیزم ، تایبەتمەندییەکانی هونەری مینیمالیزم )، تەوەری سێیەم (کۆمەڵگەی توێژینەوە، شیکردنەوەی نمونەکان،ئەنجام ، لیستی سەرچاوەکان و پوختەی توێژینەوەکە بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی ،دەگرێتە خۆی .لەم توێژینەوەیەدا هەوڵی ئەوە دراوە تایبەتمەندییەکانی هونەری مینیمالیزم بخرێتە ڕوو لە کارەکانی هونەرمەند(مدحت کاکەیی)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٥)، زستان ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**پێشەکی:**

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (تایبەتمەندییەکانی هونەری مینیمالیزم لە کارەکانی (مدحت کاکەیی)دیاریکردنی سیفەت و تایبەتمەندییەکانی هونەری مینیمالیزمە لە کارەکانی هونەرمەند (مدحت کاکەیی)یە.

**١ـ١ـ کێشەی توێژینەوە**

مرۆڤ هەر لە سەرەتایی دروست بوونی یەوە هەتا ئەمڕۆ خولیای کاری تازەو نوێبوونەوەی هەبووە . ئەمەش لەگەڵ پێشکەوتنی تەکنەلۆژیاوە توانیویەتی بگات بە دونیای جیهانی هونەری ، ڕووبەڕووی کۆمەڵێ ئایدیا ببێتەوە، هەوڵ دەدات بۆ ئەوەی سوودیان لێ وەربگرێت ، هەر ئەم هۆکارەش بوو کە بزووتنەوەیەکی نوێبوونەوە لە هونەردا دەرکەوت ، بەو مانایەی ڕزگاربوون لەیاسا کۆنەکان و دوورکەوتنەوە لەلاسایی کردنەوە، چونکە هونەر ئاشکراکردنە لە سروشت و ڕاستی .

هەربۆیە قوتابخانەی هونەری مینیمالیزم دەرکەوت ، سەرەتا لە شاری نیویۆرک سەریهەڵدا لە ساڵانی شەستەکان ، کۆمەڵێک هونەرمەندی بەتوانا کاریان لەم قوتابخانەیەدا کردوە ، کە توانیویانە بە کەمترین مادە و خامە تابلۆکانیان بنەخشێنن بەشێوەیەکی زۆر سادەو دوور لە قەڵەباڵغی لە ڕەنگ و شێوەدا بەرجەستەیان کردوە ، مەبەستیان سەرنجی بینەرەکانیان بدەن بە کەمترین شێوە.

هونەری مینیمالیزم ئامادەیی خۆی لە نێو کارە هونەریەکانی هونەری شێوەکاری کوردیدا هەیە، هەروەها گۆڕانکارییە ماریفی و ئێستاتیکی و هزرییەکانیش بواری جدیان بۆ هونەرمەندانی کورد ڕەخساند تاوەکو دیدگا خودییەکانی خۆیان لە دووتوێی مینیمالیزمدا بخەنەگەڕ لە ئاستێکدا کە گرنگی بابەتەکە پێویستی بە توێژینەوەیەکی زانستی هەیە، لە کاتێکدا مینیمالیزم وەک بزاڤێکی کارتێکەر بۆ هونەری شێوەکاری لە کوردستاندا هیچ توێژینەوەیەکی لەبارەوە نەکراوە ، ئەم توێژینەوەیە توێژینەوەیەکی شیکارییە بۆ هەڵسەنگاندنی ئاستی هونەری هەموو ئەو کارانەی لە چوارچێوەی کارکردنی مینیمالیزمدا کراوە. هەرئەمەشە وادەکات توێژەر لەڕێگەی چەند پرسیارێکی سەرەکی کێشەی توێژینەوەکە بخاتە ڕوو:

**ـ خەسڵەت و تایبەتمەندیە بینراوەکانی هونەری مینیمالیزم لە کارە هونەرییەکانی(مدحت کاکەیی) چین ؟**

**١ـ ٢ـ گرنگی توێژینەوە**

ناساندنی تایبەتمەندیەکانی هونەری مینیمالیزم لە کارەکانی (مدحت کاکەیی)، خستنەڕووی بەشێوەیەکی زانستی، بۆ گەشەپێدانی هۆشیاری کەلتووری و ڕۆشنبیری گشتی و تایبەتی لای کۆمەڵگە، توێژەران، ڕەخنەگران، هونەرمەندان، خوێندکارانی کۆلێژ و پەیمانگە هونەرییەکان و ئارەزوومەندانی هونەر.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٥)، زستان ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**١ـ٣ـ ئامانجی توێژینەوە**

ئاشکراکردنی خەسڵەت و تایبەتمەندییەکانی هونەری مینیمالیزم لەکارە هونەرییەکانی (مدحت کاکەیی).

**١ـ٤ـ سنووری توێژینەوە**

ـ سنووری بابەتی: خەسڵەت و تایبەتمەندیەکانی هونەری مینیمالیزم لە کارەهونەرییەکانی (مدحت کاکەیی).

ـ سنووری شوێنی: هەرێمی کوردستان.

ـ سنووری کاتی: لە ساڵی (٢٠١٥)ز بۆ ساڵی (٢٠٢٢)ز.

**١ـ٥ـ دیاریکردنی زاراوە**

## تایبەتمەندی( Characteristics)

ـ تایبەتمەندی (زمانەوانی ):ـ کۆمەڵێک وشەی تایبەتێتی و وشەی تایبەتمەندێتی: تەنیا بۆی جیادەکەمەوە و دەوترێت کە لە مەسەلەکەدا تایبەتمەندە .(ئیبن مەنظور، لیسان العربی، ج8: 290). بۆ ئەو شتانەی کەفالآنی بەزاند و پەسەندی کرد و بەتاکی هێنایەوە، بەتایبەتی ئەوەی کە: دژی خەڵکی بوو، شتیشی تەرخان کرد: دژی گشتی و تایبەتیەکەی، بەرامبەر بە گشتی و تایبەتمەندییەکان: خزمایەتی تایبەتی. (معلوف، 1986: 180ـ 181).

ـ تایبەتمەندی(زاراوەیی):ـ "هەر تایبەتمەندییەک دەکرێت لە کاری هونەریدا" یان هەر مانا چەسپاوەکەی کە ئەوەندە جێگیرە وەک (تایبەتمەندی ) بەدی بکرێت، فۆرمی سوورو لاکێشەیی دەتوانێت کاری هونەری بێت، جوڵەی میوزیکی هێواش دەتوانێت تایبەتمەندیەکی مۆسیقا بێت و ئەو جۆرە واتا یان توانای پێشنیارکردن لەکاری هونەریدا تایبەتمەندیە(رید، ١٩٧٥: ٢٨).

ـ تایبەتمەندی(لەبواری بەجێهێنان):ـ هونەر کۆمەڵێ تایبەتمەندی خۆی هەیە لە ڕێگای ئەمەوە دەتوانین هەڵسەنگاندن بۆ کارە هونەرییەکان بکەین ، تایبەتمەندی ڕەوشتەکی گرینگی مادەکانە کە کۆمەڵێ سیفەتە وادەکات شێوازی دەرەوەی بگۆڕێت بە تایبەتی گوزارشت لە چ قوتابخانەیەک دەکات .

## مینیمالیزم (Minimalism)

ـ مینیمالیزم (Minimalism)زمانەوانی :ـ لە زمانی ئینگلیزیدا بەواتای کەمترین شتەکان دێت، لەکاتێکدا لە بواری هونەرە جوانەکاندا بە واتای سادەترین و کورتکراوەترین و کورتترین جۆرەکانی نیگارکێشی ئەبستراکت دێت، جا چ لە تەکنیک بێت یان لە بابەتدا، بە پێی کاریگەری و سەرنجراکێشییەکەی لەسەر فۆرمی سادە و ڕەنگی تەخت، لە ناوچە گەورەو ڕوونەکان زۆرجار بە ئامرازەکانی ئەندازیاری جێبەجێ دەکرێت بە ئەدای تەواو و ووردبینییەکی سەرووتر.(بەیکەر،١٩٨٨).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٥)، زستان ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ـ مینیمالیزم (زاراوەیی) :ـ مینیماڵیزم چەمکێکی زۆر هزرییە لە جیهانی هونەردا، فەرهەنگی وێبستەر بەوە پێناسەی دەکات کە شێواز یان تەکنیکێکە کە بە ڕووبەر و سادەیی جیادەکرێتەوە، هەندێك حەزی پێدەکەن و هەندێکیش ڕقیان لێیەتی بەڵام لەوە ناچێت کەس هەبێت کە گرنگی بەوە بدات. ژمارەیەك هونەرمەند بە ڕاشکاوی پێشوازی لەو چەمکە دەکەن و هەندێکی دیکەش ڕووبەڕووی سەختی دەبنەوە لە بێ پێناسەیی و ئاراستەی ئەو چەمکەدا، وە سەرنجی زۆریکیش یۆ ئەوە دەچیت (کەمترین باشترینە). (ئەحمەدی-ئۆنلاین).

ـ مینیمالیزم (فەلسەفي ):ـ سادە وەك دەستەواژەیەکی فەیلەسووفان ئەو شتەیە کە لە بنەڕەتدا هیچ بەشێکی نییە، وەك یەکەیەك و خاڵێك بەرامبەر بە وشەیەکی لێکدراو، ئەو شتەش کە لە بنەڕەتدا هیچ بەشێکی نییە لای لێبنز بە سادەیی ڕەها ناودەبرێت، سادەی ڕاستەقینە ئەوەیە کە ناتوانیت سیفەتی جیاوازی تێدا دەستنیشان بکەیت وەك ڕەنگەکانی شەبەنگی خۆر، چونکە سادە بوونی ڕێگری لێناکات کە سیفەتەکانی دووبارە بکاتەوە لە بەشە جیاوازەکانی یەك درککەری هەستەکی . (صەلیبا، ١٩٨٢: 208).

ـ مینمیالیزم (لە بواری بە جێهێنان ):ـ کورتکردنەوەی تەواوی فۆرم و ڕەنگە، واتا شێوە لە کارە هونەرییەکاندا بە تەواوی کورت دەکرێتەوە،ئەداکردنێکی ستایلی و ڕێبازێکی بنیاتیە بە تایبەت لە بواری کاری سێ ڕەهەندی، ئامانج لەم شێوازەدا کار لەسەر چەمکەکانی فەزا، فۆرم، ڕێژە، پانتایی بوو. لە ئەنجامدا هەر چەشنە دەربڕینخوازی و وەهمی دیداری ڕەتکرایەوە.

### ١.٢ـ چەمکی مینیمالیزم (Minimalism)

چەمکی سادەیی زۆر بەکارهاتووە لە زانستەکان بە زۆربەی جۆرە فەلسەفی و سرووشتییەکانیەوە، ئەم چەمکە بڵاوبووەتەوە بۆ دانانی بەرەیەك کە بەهۆیەوە زانست هەڵبژاردەکانی دیاری بکات. هەندێك لە فەیلەسوفان دوای هەوڵی فیکری و بەڵگەی لۆژیکی دەگەنە سەلماندنی سادەیی بوون و هەندێکیشیان کە پسپۆڕی فەلسەفەی دەروون و ئاکارن سادەیی دەروون دەسەلمێنن. بیرکاریزانیش کاتێك هەڵبژاردن لە نێوان دوو سەلماندندا دەکات گوزارشت لە یەکێکیان دەکات بەوەی سادەترە لەوەی دیکەیان. فیزیاییەکانیش مەرجی گشتی دادەنێن بۆ قبوڵکردنی بیردۆزە فیزیاییەکان و یەکیکیش لە مەرجەکان ئەوەیە کە دەبێ بیردۆزی فیزیایی سادە بێت.

وەك ئەوەی لە ئینسکلۆپیدیای لالاندا هاتووە کە سادەیی بریتییە "لەو شتانەی کە ناتوانین بە زانست هەڵیانبوەشێنینەوە سەرەڕای بێ تواناییمان لە دانانیان وەك شتانێك کە ناکرێ هەڵبوەشێنرێنەوە" (لالاند، 2001: 295)، شتی سادەش ئەو شتەیە کە ناتوانرێت هەڵبوەشێنرێتەوە و دابەش بکرێت بۆ چەند بەشێك، ئەوەش لەبەرئەوەیە کە سادە بچوکترین بەشی بەرجەستەیە و پێویست ناکات پێکهاتەکەی دابەش بکرێت بۆ بەشی دیکە،

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٥)، زستان ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لێرەشدا لالاند لە لایەنە زانستییەکەوە مامەڵە لەگەڵ چەمکەکەدا دەکات و دڵنیایی هەڵنەوەشانەوەی ئەو شتانە دەدات کە سادەن ئەگەر نەشمانتوانی ئەوە بسەلمێنین.

لە گۆشەیەکی دیکەوە سادەیی بریتیە لە "مەیلی بینینی شتەکان بە شێوەیەکی سادەتر لەوەی کە لە واقیعدا هەیە" (مەدکور،1983: 37)، سادەیی هاتووە نوێنەرایەتی ئاراستە و مەیلێکی فەلسەفی زانستی بکات کە ئامانجی بەدیهێنانی سادەییە لە هەموو شتەکاندا، بەڵکو هەوڵ بۆ سادەکردنەوەی و ڕەوان کردنی دەدات تا سادە و ئاسانتر دەربکەویت لەوەی کە لە واقیعدا هەیە.

هەرچۆن لیبێنز دەڵێت : ناو لەو شتە دەنێت کە سادەی ڕەها یە و وە لە بنەڕەتدا هیچ بەشێکی نییە جەوهەرەکەشی سادەیە و هیچ بەشێکی نیە" (سەلیبا،1982: 209)، دەبینین کە لیبێنز یەکێك لە ڕابەرانی ڕێبازی سادەگەراییە و هەروەها گوزارشت لە گەردوون دەکات کە پێکهاتووە لە ناوەڕۆکگەلێکی زۆر سادە. لیبێنز گوزارشت لەو ناوەڕۆکە ڕەهایانە دەکات بە جۆرێك کە ناکرێ سادەتر بکرێنەوە لەوەی کە هەن و لە توانایاندا نییە بەش بەش ببن.

بەڵام ئەگەر هاتین بۆ پێناسەیەکی تر بۆ واتای سادە یان سادەیی، دەبینین لە تێگەیشتنی ئەو بیرۆکە سادەیەدا خۆی دەنوێنێتەوە کە بەوە دەناسرێت "ئەو بیرۆکەیەی ناوازەترە، گشتیترە" (عەبدولفەتاح،2016: 341)، ئەوەش نیشانەیە کە سادەیی ئاماژە بە واتایەکی بیرکاریانە دەدات کە ئەوەی نەماننناسیبوو و ئەوەی بەتاڵ بووە ڕوونی دەکاتەوە بۆمان.

لێرەدا سادە "ئەوەی کە ناکرێ بەش بەش بکرێت و بەرامبەرەکەشی لێکدراوە" (مەدکور،1983: 33)، شتی سادە ئەوەیە کە ناکرێ بەش بەش ببێ یان شی ببێتەوە بۆ بەش و پارچەی بچوکتر لەوەی کە هەیە لە بنەڕەتدا، بەرامبەرەکەشی شتێکی لێکدراوە کە پێکهاتەکەی بریتییە لە کۆمەڵەیەکی گەورە لە یەکە و ئەندام و شتی سادەی بەیەکەوە بەستراو، بێگومان عەقڵ پێی دەگات دوای کردەیەکی گرنگی ناو ڕێکخراوەیەك کە بە سادەگەری ناسراوە و تەنیا شتی سادە و ڕوون لەخۆ دەگرێت.

هەرچۆن ئەنیشتاین دەڵێت: "بیردۆز چەندە پێشەکییەکانی سادەتر بێ زیاتر دەبێتە بانگەشە بۆ سەرنج ڕاکێشان، ئەو شتانەشی کە پەیوەستن پێیەوە جیاوازتر دەبن و دەسەڵاتی جێبەجێکردنی فراوانتر دەبێت". ( حسن، ٢٠١٦: ٦٤٢ ). لە لایەکی ترەوە (فلیپ فرانك) لە کتێبەکەی (فەلسەفەی زانست) دڵنیایی دەدات کە هەندێك لە زاناکان بیردۆزی سادەیان پێ باشترە لەبەرئەوەی هاوکێشەی سادە ئەنجامی سادە و خێراتر فەراهەم دەکات، هەروەها کەم خەرجیترە لەبەرئەوەی کات و هەوڵدانیش بەفیرۆنادات. هەندێکی تریش لە نووسەرەکان دەڵێن کە بیردۆزە سادەکان جوانتر و ناوازەترن و ئەوان بیردۆزە سادەکان بە باشتر دەزانن لەبەر هۆکارە جوانکارییەکان .(فلیپ

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٥)، زستان ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

فرانك،1985: 432)، لە کۆتایدا گەیشتین بەوەی کە قوتابخانەی مینیمالیزم بەو سادەییەی کە هەیەتی زیاتر پەیامەکانی کۆمەڵگە دەگەیەنێت بە لایەنە ئێستاتیکیەکەیەوە کە توانیویەیی هونەرمەندان و هونەردۆستان لە خۆی کۆبکاتەوە، چونکە پەیامێکی قوڵی هەڵگرتووە لە شاکارێکی هونەری سادەدا.

## ٢ـ٢ـ مێژووی سەرهەڵدانی هونەری مینیمالیزم (Minimalism)

سادەیی و هونەری سادە، لە چەمکە ئەبستراکتەکاندا فراوان دەبن، وا گوزارشت لەو کارە هونەرییانەی کە شێوە ئەندازەییە سادەکان وەك نموونەیەکی شێوازی ئەوپەڕی ئەبستراکت دەکات کە سادەییەکەی لە دەوری ئەو بیرۆکەیە دەخولێتەوە کە هونەر دەبێ خۆی واتای خۆی بخوڵقێنێت و نەبێتە کۆپییەکی کاربۆنیی هیچ شتێکی دیکە. هونەری سادە هیچ ئامانجێك لەخۆناگرێت کە پێچەوانەی حەقیقەتی دەرەوە بێت؛ لەجێی ئەوە هونەرمەند دەیەوێت کە کارلێك لەگەڵ جەماوەرەکەی بکات تەنیا لە ڕێگای ئەوەی لەبەرچاویانە.

بزوتنەوەی مینیماڵیزمی هونەری لە هونەرە بینراوەکان و مۆسیقا و هۆکارەکانی میدیا دوای جەنگی جیهانی دووەم دەستی پێکرد، هەروەها بە توندی لە هونەرە ئەمریکییە بینراوەکان لە ساڵانی شەست و سەرەتای حەفتاکان دەرکەوت چەند پێشنیارێک هەیە لەسەر چۆنێتی سەرهەڵدانی ئەم قوتابخانەیە هەندێک لایان وایە کە کاردانەوە بووە بۆ ئەبستراکت و مۆدێرن. هەروەها هەندێکی تریش لایان وابووە کە کاردانەوەیەکی بەهێزی هەبووە بۆ ژاوەژاوی ژیانی هاوچەرخ. بەشی سێیەمیش پێیان وابوو کە یاخیبوونە لە مۆدێلی کلاسیکی و بارۆکی کە بە وردەکاری و ڕەگەز و ئێکسسوارات قەرەباڵغی دروست کردووە. ئەمرۆ ئەو چەمکە بەسەر هەموو شتێکدا جێبەجێ دەبێت لە شێوازی ژیان و مۆسیقا و مۆدە و جۆرەکانی هونەر و ئەندازیاری بیناسازی و دیزاینی ناوەوە. ( أهمز، ٢٠٠٩: ٤٧٧)

سادەیی لە ئاراستە هونەرییە مۆدێرنەکانیشدا دەرکەوت، بۆ نموونە لە فۆڤیزمدا، فۆڤیستەکان گرنگییان بە رووناکی ڕێك و گونجاو و درووستکردنی ڕووکار دەدا. ڕووکاری ڕەنگەکانیان بە بێ سێبەر و ڕۆشنایی درووست دەبوو، بە بێ بەکارهێنانی بەهای ڕەنگی چونکە پشتییان بە پلەی ڕەنگ لە یەك چینی ڕەنگەکەدا دەبەست. ئەو قوتابخانەیە پشتی بە شێوازی سادەیی بەست لە شێوەکاریدا، کە تاڕادەیەك لە نیگاری سەرەتایی دەچوو. وا گوزارشت لە قوتابخانەی فۆڤیزم دەکرا کە وردەکاری زیاد دەکات لە کێشانی وێنەی شێوەکاریدا بەڵام ئەوە زیانبەخشە بۆ کاری هونەری. ئیتر لە کارەکانیاندا وێنەی سروشتیان دەنواند بە شێوەگەلی سادە و وێنەکانیان پەیوەندییەکی باوەڕپێکراوی هەبوو بە ئەبستراکت و سادەگەری. (سمیس،1995: 96)

لە کوبیزمدا، کە هەڵدەستێت بە شیکردنەوەی پەیکەرەکان و گەڕاندنەوەیان بۆ شێوە ئەندازەییە بنەڕەتییەکان (خشتەك-قوچەك-بازنە) بەڵام دیارترین ڕووخسارەکانی سادەیی لە هونەری ئەبستراکتدا ڕەنگ دەداتەوە کە هەموو شتێکی چواردەورمان جارێکی دیکە درووست دەکاتەوە بە ڕوانگەیەکی هونەری نوێ لەسەر بنەمای چەمکی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٥)، زستان ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەبستراکت، کە هەستکردنی هونەرمەند بە ڕەنگ و بزاوت و خەیاڵ تێیدا ڕەنگدەداتەوە بە بێ ئەوەی هیچ پەیوەندییەکی بە سرووشتەوە هەبێ و بە یەکێك لە گرنگترین مەیلە هونەرییەکان دادەنرێت کە هێشتا کاریگەرییەکی گەورەی بەسەر بیناسازە مۆدێرنەکانەوە هەیە.وێنە(١)



وێنە(1) تابلۆیەکی ئەبستراکتی پۆل کلی کەمکردنەوەی ئاشکرای توخمەکانی تابلۆکە بۆ سادەترین شێوەکانی

هونەری مینیماڵ تەوژمێکی هونەری ئەمریکی بوو، هەرچەن هەندێك ڕەگی تری ،هەیە کە دەگەڕێتەوە بۆ بونیادگەری ڕووسی و سوپەرماتیزمی کازیمێر ماڵڤیتچ لە ساڵانی (1878-1935) شێوەی( 2)، هەروەها بۆ کارەکانی پیت مۆندریان لە ساڵانی (1872-1944) شێوەی( 3)، وە بۆ هونەری کۆنسێپتواڵ و هونەری میلللی یان هونەری پۆپ .



وێنە(2)

کازمیر مالفیتش (1915)



وێنە(3)

بیت موندريان

بۆ یەکەم جار هونەرمەندی ڕووسی جۆن گراهام چەمکی "مینیماڵ" لە کتێبەکەیدا بەناوی (سیستەمی مینیماڵ و گفتوگۆ لە هونەردا) بەکارهێناوە کە لە ساڵی 1937 لە پاریس بڵاویکردووەتەوە و جۆن گراهام ئامانجی بوو بڵێت کە ئەبستراکت بوونی تابلۆ تەنیا بابەت نییە بەڵکو لە هەمەجۆری و پلە و جۆری ڕەنگ و بەکارهێنانی فڵچە و تەکنیکی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٥)، زستان ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەبستراکتی ڕەنگی دیکەی بەکارهێنراو پێک دێت ،وەک لە تابلۆکانی کاندینسکی، کە یەك ڕەنگی بەسە و دابەشکراوە لەسەر ڕووبەری تابلۆکە بە هەمان پلەی ڕەنگ. (باتکۆك،1985: 116).

هەرچۆن،(مۆندریان ) دەڵێت: پێویستە هونەر گوزارشت لە واقیعێکی ڕوون و خاوێن بکات، بۆ ئافراندنی واقیعێکی وا، پێویستە شێوەکانی سروشت چڕبکەینەوە لەڕەگەزی جێگرو چەسپاو لە فۆڕم و ڕەنگی سروشتییەوە بۆ بەرایی، هەموو هونەرێک لە بنەچەدا گشتگیر و ئەندازەییە، پەتی و ئازادە لە کارەساتە مرۆڤایەتیەکان.(المبارک، عدنان، ١٩٧٣: ٦٤).

لەگەڵ ئەوەشدا چەمکی مینیمالیزم یان بچوککردنەوە لە کتێبە ڕەخنەییەکانی باربارا ڕۆسBarbara Rose لە ناوەڕاستی شەستەکانەوە دەرکەوت، هەروەها وتارێکی نووسی بە ناوی (ئەلفوبێی هونەر) ABC Art،لە ئۆکتۆبەری ساڵی 1965ز لە یەکێك لە ژمارەکانی گۆڤاری "هونەر لە ئەمریکا"Art in America ،لەگەل ئەوەشدا کە ئەو وتارە کاریگەری ئەو چەمکەی وەك ناوی بزووتنەوە تێدا بەکارنەهاتبوو بەڵام ئەو نووسەرە لەو وتارەیدا ناوی ئەو هونەرەی برد بەوەی کەمبوونەوە یان بچووکبوونەوەیە تا کەمترین پلە(Minimum). (ئەلسەباعی،2008: 274)، هەروەها لە کۆتایی شەستەکاندا مینیمالیزم بە شێوەیەکی گشتی وەك چەمکێکی ناسراو بەکارهات و واتای ئامانجی هاوچەرخی بزووتنەوەکەی دەبەخشی لە بچووکبوونەوەی وێنە و هەڵکۆڵین بەرەو بنەڕەتەکان، بەو شێوەیە بنەڕەتەکان بوون بە جۆرێك لە ئەبستراکتی ئەندازەیی.

وەک باسکرا کە مینیماڵیزم لە بنەڕەتدا لە بونیادگەراییەوە پێچی کردەوە لە سەرەتای سەدەی بیست و مینیماڵیزم زۆر کاریگەر بوو بە کارە ڕوونەکانی دوو هونەرمەندی دوای جەنگ کە ئەوانیش بارنێت نیومان Barnett Newman و ئاد ڕینهارت Ad Reinhardt،و هەروەها دەیڤید سمیس David Smith یش. و هەروەها بەیەکەم بزووتنەوەی هونەرییە دادەنرێت، کە لەڕووی نێودەوڵەتییەوە ڕێزی لێگیرابێت و کە زۆرینەی ڕابەرەکانی هونەرمەندی ئەمریکی بوون. (هەمان سەرچاوە: 375)


وێنە(٤)ئاد رینهارد


وێنە(٥) بارنێت نیومان


وێنەی(٦) داڤیدسمیث

هەروەك لە وێنەی باڵندەی کیوی هونەرمەندی فۆتۆگرافەری هاوچەرخ (مارك دیدری) ،(هانز ئارپ)کە هەموو شتێك کەمتر دەکاتەوە و وردەکاری بە وێنەگرتن لەخۆ دەگرێت و تۆپەڵکردنی تایبەت و پوختەکردنی دیاریکراو کە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٥)، زستان ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

تەنیا بە شێوە دەچێتەوە سەر ڕەسەنەکە. (شێوەی 5)، بەڵام لای (هانز ئارپ ) کارەکەی بە هەڵکۆڵراوە پوختەکانی لەمیانەی وەرگری وەهمییەوە لە ئێکسپریسیۆنیزم نزيك دەبێتەوە. بە ڕاڕایی و خولانەوە ، لە نێوان واتای زۆر کاتێك واتایەك هەڵدەگرێت، مینیماڵ بیرۆکەکە لە چوارچێوەیەکی دیاریکراو گەمارۆ دەدات، ئەگەر لە ڕووی واتاوە فراوان و لە ڕووی ڕەگەزی وەرگرتنەوە سەرنجراکێش بێت، (شێوەی 6) . (Buttock،١٩٨٥:١١٦)



وێنە(٨)( هانز ئارب)



وێنە(٧) (مارك ددري)

ئەو فۆڕمانەی کە هونەرمەندانی مینیماڵیست هەڵیان بژاردوە ناسراون بە فۆرمی بچووک یان سەرەتاییەکان و بەم هۆیەوە وشەکانی "بچووک " و "سەرەتایی " لە پێناسەی ئەم قوتابخانەدا هاتووە.پوختەی یەکێک لە لێکدانەوە مۆدێرنەکان دەڵێت: لە ڕەوتی بەرەو پێش چوونی ئەم هونەرەدا، کارەکان هەردەم زیاتر لە ڕەگەزە سەربار و پەراوێزەکان پاڵێوراون. دروشمی بەناوبانگی تەلارساز، لۆدڤیگ میس ڤان دێر ڕوهێ، کە دەڵێت: " کەمترین هێشتا زۆرە" واتە هەتا چەند سادەبکرێتەوە هێشتا کەمە.(محمدی،٢٠١٧:٤٩٠).

ئەم بزاڤە لە نیگارە ڕەشەکانی فرانک ستێلا Frank Stella وە گەشەی سەند، ئەوانیش زنجیرەیەک نیگار بوون کە لە هێڵی پانی ڕەش پێک هاتبوون و بە هێڵی باریکی ڕەنگنەکراو لە یەکتر جیا کرابوونەوە، هیچ مانایەکی ناوەکی و سیمبۆل و ئاماژەیەکیان نەدەگەیاند وەک خۆی ووتویەتی : " وێنە ڕوویەکی تەختەو ڕەنگی لەسەرە ــ لەوە زیاتر هیچی تر نییە ، ئەوەی دەیبینیت، هەر ئەوەیە ' وێنە(٩). ( هۆج،٢٠١٧:٢٨٤ )



وێنە(٩) فرانک ستیلا ،فەزایەکی بەتاڵ، ڕەگەزی داماڵراو

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٥)، زستان ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەم نیگارانە بۆ یەکەم جار لە مۆزەخانەی هونەری مۆدێرن لە نیویۆرک نیشان دران وەک بەشێک لە پێشانگای "Sixteen Americans "، کە هۆکار بوو بۆ ئاراستە کردنی ژمارەیەک هونەرمەندی تر بە جەختکردنەوە لە سەر هەمان ئەو ئایدیایانەی ئەمان، بەڵام ئەو هونەرمەندانە لە رێی کاری سێرەهەندییەوە ئایدیاکانیان راڤەکرد،ساڵی ١٩٦٦ ز ساتەوەختی مێژووی ئەم بزاڤە هونەرییە ئەو پێشانگا هاوبەشە بوو بەناوی (هەیکەلە بناغەییەکان ) لە مۆزەخانەیەکی جولەکە لە نیویۆرک، کەکاری هەریەک لە ( دۆناڵد جەد، کارل ئەندرێ، دان فلاڤین، سۆل لویت، رۆبێرت مۆریس، تۆنی سمس) گرتبووە خۆی، هاوکات ناوی مینیماڵ ئارتیشیان خستبووە سەر مایەکە وێنە(١٠،١١).(محمود،٢٠١٧: ١١٢).



وێنە(١١)

( دونالد جاد)



وێنە(١٠)

(سول لیوویت)

هونەری مینیماڵ سنووری لە نێوان نیگارکێشان و پەیکەرسازیی دا سرییەوە . کارەکانی سەر بەم رێبازەش پتر لە سیاقی پەیکەرسازیدان . هەروەها پەیبردن بوو بەوەی کە جیاکردنەوەی نیگارکێشان و پەیکەرسازی هیچ پێویست نییە، جگە لەوەی هەوڵەکانی هونەرمەندانی مینیماڵ، بەتایبەتی هەوڵەکانی دانەڵ جاد ( Donald Judd)(١٩٢٨ـ١٩٩٤) بۆ نەهێشتنی شێوازی باوی هونەری نیگارکێشان بوو، مەبەستی بوو تابلۆ لە قالّبە سواوەکەی خۆی وەدەر بنێت و ئازادییەکی رەهای پێ ببەخشێت.

### ٢ـ٣ـ تایبەتمەندیەکانی هونەری مینیمالیزم

ئەو هونەرمەندانەی کە بوونە مینیمالست (Minimalist ) ئەیانخواست هونەرێک بەرهەم بهێنن، کە کەسی نەبێت و جەوهەری بێت، باوەڕیان وابوو کاری هونەر، دەبێت تەنها ئاماژەبێت بۆ خودی خۆی، ئەمە کاردانەوەیەک بوو بەرامبەر ئەبستراکتی دەربڕینخوازی، ئەم هونەرمەندانە وازیان لە تابلۆ هێناو کەرەستەیان داهێنا کە نە تابلۆیە و نە پەیکەر، هەوڵدەدەین گرنگترین خاسیەت و تایبەتمەندیەکانی ئەم هونەرە لەم خاڵانەدا روون بکەینەوە :ـ

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٥)، زستان ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

1ـ تایبەتمەندیەکانی هونەری سادە زیاتر جەخت لەسەر بەکارهێنانی ڕەنگەکانی یەکڕەنگ دەکاتەوە ئەمانە عادەتەن تەنیا یەک یان دوو ڕەنگن، لەوانە بەکارهێنانی زاڵی سپی و ڕەش. شێوە ئەندازەییە هەمەجۆرەکان وەک چوارگۆشە و لاکێشەیی کە لە تەنیشت یەکتردا دانرابوون لە زنجیرەی دووبارەکردنەوەدا دەکرێتەوە، کە بە زنجیرە ناسراون. تایبەتمەندیەکانی تر "ئۆبجێکت" لەسەر ئاستی ستوونی و ئاسۆیی دادەنێت، زۆربەی کات زەوی دەگرێتەوە نەک بنکەکان.

2ـ مینیمالیزم خۆی بە دوور دەگرێت لە ئەبستراکتی دەربڕینخوازی دوور لە تێکەڵکردنی بیۆگرافی و هێماداری بەکاری هونەری، بایەخدان بە ماتەریاڵ و کەرەستەی پیشەسازی لە بری تەکنیک و کەرەستەی تەقلیدی پەیکەرتاشی.(محمود، ٢٠١٧: ١١٢). لە پێناو جەختکردنەوە لەسەر ڕەنگ و فۆڕم فەزا؛ هاوشانی ئەمە، بەتەواوی خۆی لە دروستکردنی وەهم بە دوور دەگرت، لەسەرەتای شەستەکاندا دەستی کرد بە دروستکردنی ستراکچەری سێڕەهەندی و بە " سپسیفیک ئۆبجێک" ناساندنی، جەختی لەسەر پەیوەندییەکانی نێوان کارەکەو بینەر و ژینگەکەی دەوروبەری کردەوە. کارل ئەندرێ(Karl Andre ) لە ژێر کاریگەری ستێلا دا بوو، وەک زۆربەی مینیمالیستەکان بەرپەرچی گوزارشتە هونەرییە نەریتییەکان و شارەزایی لە بەکارهێنانی یەکەکانی پیشەسازی دایەوە، لە نمونەیان، بەکارهێنانی کەرپووچ و پلێتی کانزایی و شووشەی پلاستیکی و تەختە بۆ دروستکردنی پەیکەری شێوە تەلارسازی و بەساکارترین شێوەی ڕێکی خستن. (هۆچ،٢٠١٧: ٢٨٥). تابلۆ و پەیکەرە مینیماڵەکان، پاش سڕینەوەی ڕەگەز وهۆکارەکانی ڕێکەوت و ساو (تێکسچەر)، بە هۆی قەبارەی گەورەییان بە بەراورد لەگەڵ قەبارەی سروشتی مرۆڤ ـ یان سەبارەت بە پلێتەکانی ئاندرێ ، کە ڕاستەوخۆ لەسەر زەوی دانراون و بینەر بەسەریدا پیاسە دەکات، یان هەندێک جار لەسەر دیوار یان لە سەقفەوە هەڵواسراون ـ کاریگەرییان لە گرەو پەیوەندییەکی فیزیکیدا بوو، هونەرمەندانی مینیمالیست بۆ دڵنیا بوون لە بەدیهاتنی ئەم پەیوەندیە، چاوپۆشیان لە چوارچێوە و ستاند کردوە. قەبارەی وێنە(١٣،١٢).



وێنە(١٢)

(کارل ئەندرێ)



وێنە(١٣)

(کارڵ ئەندرێ)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٥)، زستان ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

3ـ هونەری مینیماڵ کورتکردنەوەی تەواوی فۆرم و ڕەنگە، واتا شێوە لە کارە هونەرییەکاندا بە تەواوی کورت دەکرێتەوە، بە ڕادەیەک ڕەهەندی سێیەم نامێنێت و ڕووبەری تابلۆ تەخت دەبێتەوە، بە دەربڕینێکی تر، هونەرمەندانی مینیمال فۆڕمەکانیان بە تەواوەتی کورت دەکەنەوە بۆ یەک فۆرم یان دوو فۆڕمی تەخت و بێ ڕەهەند، هاوکات ڕەچاوی دووری و نزیکی ناکەن ، تەنانەت ڕەنگەکانیشیان بۆ یەک ڕەنگی تەخت و پان کورت دەکەنەوە، تەنها لە کارە بەرجەستەکانیاندا بێگومان ڕەهەندی سێیەم هەیە و ڕووبەرێکی بەرجەستەیە، هەروەک لە نیگارەکانی هونەرمەندی ئەمریکی مارک ڕۆسکۆ Mark Rothko دا دیارە کە پێکهاتووە لە تابلۆیەکی ڕەش و ڕەساسی کە بە شێوەی دوو لاکێشە و بە دووچینی وردو شەفافی سپی نەرمی هەیە بەشێوەیەکی جیاواز دەردەکەون . وێنە(١٤).(قوباد، ٢٠١٩: ١٦٢ ) .



وێنە(١٤)مارک ڕۆسکۆ ١٩٧٠، بێ ناونیشان

٣ـ هونەرمەندانی مینیمالیست بینەر دەخەنە بەردەم وەڵامدانەوەی دەستبەجێ و پوختی بینراوەوە و ڕێگە خۆشدەکەن بۆ ئەزموونکردنێکی بەهێزی و کوالێتییەکی پوختی ڕەنگ، فۆڕم و سپەیس و ماتەریاڵ. مینیمالیزم هونەر لە دوو دڵی و سەرلێشواوی دەربازدەکات، لە پێناوی ئاشکراکردنی ئەدگارە بنچینەییەکانی، میدیەم و ماتەریالی کاردەکاتە ریاڵەتی ئەم کۆنسێپتە لەسەر ئێستاتیکای پوخت لە کاتی خۆیدا زۆر شۆڕشگێڕانە بوو. بۆ گەیشتن بەم ئامانجە، هەوڵیانداوە هەموو پێشنیازێکی خۆدەربڕینخوازی self-expressionism لەکاری هونەری دوورخەنەوە لەوانە:

ـ کۆمپۆزشن.

ـ ئاڵۆزی فۆرم.

ـ تێز.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٥)، زستان ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ـ میتافۆرو هێماگەری و تراسێندتاڵی رۆحی.

ـ ریپرێزنتەیشن و ریفرێنس.

ـ واتا و مەشاعیر و عاتیفە.

ـ کۆمێنتی کۆمەڵایەتی.

ـ ڕەگەزە کلاسیکییەکانی کاری هونەری.

ـ هەرئاماژەیەکی تری دەربڕینی کەسی هونەرمەند، کە رێنوێنی بکات وەک لە کارەکانی هونەرمەند (ڕۆبێرت ڕایمەن)، کە هونەرمەندێکی مینیماڵە بەشێوەیەکی ڕوون دیارن وێنە( ١٥) .(محمود،٢٠١٧: ١١٦).



وێنە(١٥)

(ڕۆبیرت ڕایمەن)،بێ ناونیشان،١٩٦٥،مینیمالیزم.

نیگارکێشی مینیماڵیست، وەک پەیکەرتاشی مینیماڵیست هەوڵی خوڵقاندنی ئۆبجێکتی دەقاو دەق دەدات بەشێوەی دەرکەوتنێکی فیزیکی سادەو بەها بەخشین بە ڕووی دەرەوە، هەروەها بایەخی زۆر بە وەرچەرخانی ناوچە ڕەنگییەکان و گرتنەبەری فۆرمی جیومتری بەشێوەیەکی دووبارە بووەوە، زۆرجاریش کە لە ئەنجامدا سپەیسێکی دوو ڕەهەندی فلات دەهێنێتە ئاراوە.( محمدی،٢٠١٧: ٤٩١).

٤ـ کارە هونەرییە مینیماڵەکان تەواو چڕ و سادەن، ئەمەش لە پێناو بەخشینی ئاگایی بە بینەر، تا وەک بینەرێک هەست بە بوونی خۆی لە بەردەم کارە هونەرییەکاندا بکات. دەرفەتێکی باشتریشی بۆ دەرەخسێت تا لە ئایدیای کارەکە تێبگات. بەم جۆرە مانا لە بینەر نزیک دەبێتەوە و بینەریش هەست بە کارایی خۆی دەکات.(قوباد،٢٠١٩: ١٦٣).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٥)، زستان ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ناوچەی ڕەنگی بە زۆری بە هێز و نا هەمە چەشنە، ڕەنگەکە تێکەڵاو نییە و ڕاستەوخۆ لە تیوبەکەوە دەردەچێت و پالێتی ڕەنگ سنووردارە، بە هۆی تاکە یەک هێڵ و ڕەنگێکی بەهێز و فۆرمێکی جیومتری ڕووبەربەخشین بە کانڤاس بە شێوەیەک نیگارو تابلۆکە لە یەکتری جیاناکرێنەوە، وێنە(١٦،١٧) هونەرمەند (کینییس نۆلاند Kenneth Noland) شێوازێکی ئەقڵانی لە داڕشتندا پەیرەو کردوە کە بریتیە لە پێکهاتەی سادەی یەکەکان، داڕێژراوە لەسەر بنەماکانی بیرکاری بوو.(محمود،٢٠١٧: ١١٨)



وێنە(١٦)

(کینییس  نۆلاند)،پەرینەوە،١٩٦٤

ئەکریلیک لەسەر قوماش (١١٥.٩×95.7سم)



وێنە(١٧)

(کینییس نۆلاند)،بێ ناونیشان ١٩٩٠

لیثۆگراف ( 15×22)سم

هونەرمەندانی مینیمالیزم ناو بە ناو کەیفیان بە گوزارشتی ئەندازەیی دەهات، زۆرجار بناغەی کارەکانیان بە هێڵی ئاسۆیی و ستوونی دادەگرتەوە، یاخود سوودیان لە بیرۆکەی بیرکاری وەردەگرت، وێنەی (١٨)هەمیشە خۆیان لەهەر ئەگەرێکی خودی لە کارەکانیاندا بە دوور دەگرت، بەڵکو هەموو کات بۆ بینەریان بە جێ هێشتووە، ئەم کۆنسێپتە وەرچەرخێنەر بوو، هەرچەندە بۆ هەندێک مایەی گاڵتەپێکردن بوو، ئەم بزاڤە بەرکەوتنێکی بەهێزی هەبوو لەسەر ئەو هونەر و دیزاین و تەلارسازییەی دوا بەدوای ئەم هونەرە هاتن.(هۆچ،٢٠١٧: ٢٨٧).



وێنە(١٨)

(ڕۆبیرت موریس)،بێ ناونیشان،١٩٦٥،مینیمالیزم

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٥)، زستان ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هونەری مینیماڵ هەوڵیدا بەرهەمێکی هونەری پێشکەش بکات کە دەتوانین لە سیما فیزیاییە بنەڕەتیەکەیدا ببینین و بەهای ڕواڵەتی قەدری بزانین، هونەری پلاستیکی، و کارە هونەرییەکە گۆڕا بۆ نمایشێکی جووڵەیی بینراو و بیستراو لەگەڵ وونبوونی ئەم دابڕانە لە نێوان بوارەکانی هونەردا، و شێوازەکان چەند هێندە بوون و پێوەرە جوانکارییەکان سەریەککەوتن و لە نوێبوونەوەدا بوون، هەربۆیە بوو بە ئامانجێک بۆ خۆی ،هەر لەسەر ئەم بنەمایە زۆرێک لە هونەرمەندان وازیان لە گەلەرییەکان هێنا ، هەر بۆیە هونەرمەند دەرفەتی تاقیکردنەوەی بەپێی فەلسەفەی هونەری خۆی و تەکنیکە جوانکارییەکانی لەگەڵ کەسایەتی و شێوازی دەربڕینی خۆیدا بگونجێت، ئەزموونی کرد، بۆیە هونەرەکان چەمکێکی نوێی بەدەستهێنا کە بەهای نوێی هونەری و جوانناسی خوڵقاند.

**خاڵە ئاماژە پێ کراوەکانی چوارچێوەی تیۆری :**

1ـ هونەری مینیماڵیزم کاردانەوەی زیادەڕەوی زۆری ڕووکەشگەرایی و پرۆپاگەندە سەبارەت بە ئیکسپریسیۆنیزمی ئەبستراکت بوو.

2ـ ویستی مینیماڵیستەکان بۆ ئەوەی بینەر بکەوێتە ناو ئەزموونکردنی کارەکانیان بە بێ ئەوەی بە دانان و بابەت و ڕەگەزەکانی کاری نەریتی بووە.

3ـ لە کارەکانیاندا ناوبەندی تێدا بوو و ماددەکانی کارەکەش واقیعی بوو، ئەوەی هونەرمەندەکانییش دەیانویست پشتی بە بوونی کارە بابەتییە واقیعییەکان دەبەست، وە ماددە بەکارهاتووەکانیش نیشانە نین بۆ هیچ شتێکی تر.

4ـ چیتر ڕەنگی بۆ گوزارشتکردن لە هەست و حاڵەتی میزاجی بەکاریان نەدەهێنا، بەڵکو سادەیی بۆ دیاریکردنی بۆشاییەکان بەکاریان دەهێنا و هەوڵی دەدا کارەکە لای بینەر ئەو وێنایە دروست بکەن کە پەیوەندییەکی جیاواز لە نێوان ڕەگەزەکانی کارەکە دا هەیە.

5ـ هونەرمەندان ئەو بیرۆکەیەیان ڕەتکردەوە کە هونەر دەبێت ڕەنگدانەوەی گوزارشتی خاوەن کارەکە بێت، هەربۆیە کەموکوڕی لە هەست و بڕیارەکانی نەستدا هەبوو چونکە ونبوونی هونەرمەندان و هەستەکانیان بەدەر لەوەی پێیان وایە کە کاردانەوەی دیمەنە کەسییەکان بەرامبەر بە کارەکە بایەخێکی گەورەتری هەیە، بۆیە هەوڵیاندا بەسەر کاریگەری بوونی خۆیان لە کارەکەدا زاڵ بن.

٣ـ١ـ کۆمەڵگەی توێژینەوە:

پشت بەبەرهەمی کارە هونەرییەکانی هونەرمەند ( مدحت کاکەیی )، هەڵبژاردنی ئەو نمونانە دەبەستێت کە لەلایەن توێژەرەوە بۆ شیکردنەوەی نمونەی توێژینەوەکە هەڵبژێردراون .

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٥)، زستان ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

٣ـ٢ـ نمونەی توێژینەوە:

هەڵبژاردنی نموونەی توێژینەوەکە بەپێی شێوازێکی مەبەستگەرا کراوە بە(٣) نمونە دەستنیشانکراون لە کارە هونەرییەکانی ( مدحت کاکەیی) کە لەگەڵ پێوەرو خاڵە ئاماژەپێ کراوەکانی چوارچێوەی تیۆری توێژینەوەکە بگونجێ، هونەرمەند نوێنەرایەتی کات و سنوری توێژینەوەکە دەکات بۆ بەدیهێنانی ئەنجامێک کە وێنەی دوا توێژینەوەکە ئاشکرا دەکات.

٣ـ٣ـ ئامرازی توێژینەوە:

بۆ گەیشتن بە ئامانجی توێژینەوەکە توێژەر پشت بە چوارچێوەی تیۆری و ئەنجامی شیکردنەوەی نمونەکان دەبەستێت.

٣ـ٤ـ ئامرازی کۆکردنەوەی زانیاریەکان:

بۆ کۆکردنەوەی نمونەکان توێژەر ڕاستەوخۆ لە ڕێگای پەیوەندی تەلەفونی و تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانەوە کارەکانی بەدەست گەیشتووە.

٣ـ٥ـ میتۆدی توێژینەوە:ـ

میتۆدی (وەسفی شیکاریی) لە شیکردنەوەی نمونەکانی تویژینەوەکەدا بەکارهاتووە، بەهۆی گونجاندنی تایبەتمەندییەکانی ئەو میتۆدە لەگەڵ سروشتی توێژینەوەکەو ئامانجەکانیدا.

٣ـ٦ـشیکردنەوەی نمونەکان :

شێوە(١)



هونەرمەند: مدحت کاکەیی

ناونیشان :بێ ناونیشان

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٥)، زستان ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

مادەیی بەکارهاتوو:ئەکریلیک لەسەر کانڤاس

پێوانەی تابلۆ:50×60سم

ساڵی بەدیهێنان: ٢٠١٨

خاوەندارێتی تابلۆ: کۆمەڵی تایبەتی

**چاوپیاخشاندن :**

کارەکە لەسەرسیستمێ لە پەیوەندی بونیادی خاوەن شێوەی ئەندازەیی بنیات نراوە، لە میانی چڕکردنەوەی یەکە بینەییەکان لەسەر نەخشەیەک کە گونجاوە لە تەک بەهای ئامانجە بینەییە ئیستاتیکیەکەدا، کە هونەرمەند ویستویەتی لە ڕێی ئەزمونە هونەریەکەیەوە بەدی بێنێت، کارە هونەریەکە لە ڕوی بینینەوە پێکهاتووە لە یەک یەکەی ئەندازەیی، کە تەنها بەیەک ڕەنگ کاری لەسەر تابلۆکە کردوە، بەشێوەی چوارگۆشەیی تابلۆکە کێشراوە.

**سیستمی کۆمپۆزشن :**

هونەرمەند لێرەدا هەستاوە بە داڕشتنی سیستمێکی چڕکراوە و ساکار، کە جۆرەها هاوسەنگی ڕەنگیی و شێوەیی و بینەیی کە چاومان تیایدا ، بەهۆکاری جیایی پێوانەیی و ڕەنگیەوە دێت و دەچێ و دەبزوێ.فۆرمە ئەندازەییەکە ئەوەمان پێ دەڵێت کە بەتاڵە لە گشت پێوەرەکانی وێنەکێشان ، و هەست و سۆزێک بەو واتایەیی کە هونەرمەند بەبێ هیچ هۆکارێکی دیاریکراو کاری کردوە.

**تەکنیکی خستنە ڕوو:**

هونەرمەند بۆ کێشانی کارە هونەرییەکەی، جۆرێک لە تەکنیکی خاوەن ئاستی سادەیی بەکارهێناوە ،کە گونجاوانە و بە پێی چەند قۆناغێ بە کەرەستەی ئەکریلیک بنیادی ناون .

هەروەها هونەرمەند هەستاوە بەسادەکردنەوەو چڕکردنەوەیەکی هێجگار ناسک لە پێناو ئەوەی وا لەم چڕکردنەوەو پەیتکردنەوەیەدا بکات ببێتە سیستمێکی تەکنیکی پێشکەوتوو، ڕەنگی ئەکریلیکی بەکارهێناوە ،زۆر بە پاکی و بێ تێکەڵکردنی لەگەڵ هیچ ڕەنگێکی تر ، ئەویش بۆ زیاتر سادەکردنەوەی کارەکە بووە کە مەبەستی بووە.

**ژێدەرو ناوەڕۆک :**

هونەرمەند خۆی ئازاد کردوە لەهەر جەستەیەکی ماددی دیاریکراو، ئەو نامۆبونی خۆی لە ڕێی ئەم سادەییانەوە بەامبەر بەو جیهانەی تیا دەژی دەخاتە ڕوو، هەرچەندە ناو بە ناوێکیش هەندێ جێ پەرەموچ لە کارەکەی بەدی دەکرێت ، بەڵام دوورە لەهەموو هەست و سۆزێک بەو واتایەیی کە هونەرمەند بەبێ هیچ هۆکارێکی دیاری کراو کارەکەی ئەنجام داوە، هەربۆیە دەتوانین بڵێین هونەرمەند بە هەموو جۆرێک خۆی بە دوور گرتووە لە گشت مانا هونەرییەکان تەنها ئەوەی کێشاوە کە ئێمە هەستی پێ دەکەین لە ڕووی ڕەنگەوە نەوەک لە ڕووی ماناوە کە هیچ گرنگییەکی بەم لایەنە نەداوە ، هەرچۆن لە هونەرمەندانی ڕۆژئاوایشدا بەدیمان کردبوو.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٥)، زستان ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ڕێبازو ستایل :

هونەرمەند (مدحت کاکەیی)نمونەیەکی باڵایە بۆ سیماو خەسڵەتی هونەرمەندانی مینیمالیزم، ئەوانەی تابلۆ دەکەنە پێگەیەک بۆ کردەوە نەک گوتارێ بۆ بابەتێکی دیاریکراو ،ئەو لە ڕێی ئەم بنیاتنان و تەکنیک و نێوەندە جیاوازانەی بەکاری دێنێ، سیمای ستایلێکی سادەگەرایی لە ڕێی ئەزمونە هونەرییەکانیەوە بۆ خۆی بەدیدێنێ،ئەو بەراییەکانی خۆی لە مینیمالیزمدا دەست پێکرد ، دواتر ڕێچکەیەکی تایبەتی بە خۆی هێنایە دروست ، هەروەک لە کارەکانی (کینس نۆلاند) وێستگەیەک دەگرێت، بەکاراکردنی بۆ کەرەسەو ئامرازە فەرامۆش کراو دوور لە بەکارهێنانی لەلایەن مرۆڤەوە لە نێو کاری هونەریدا.

شێوە(٢)



هونەرمەند: مدحت کاکەیی

ناونیشان :بێ ناونیشان

مادەیی بەکارهاتوو:ئەکریلیک لەسەر کانڤاس

پێوانەی تابلۆ:50×٥٠سم

ساڵی بەدیهێنان: ٢٠٢١

خاوەندارێتی تابلۆ: ستۆکهۆڵم

**چاوپیاخشاندن:**

دەقی بینەیی لەم کارە هونەریەدا، بەشێوەیەکی گشتی پشتبەستە بە سیستمێکی نا دەستنیشانکراو و نا دیاریکراو، تا ئاستێ کە ئەم بەدیهاتووە خۆی پەتیکردۆتەوە لە هەموو نیشانەیەک لە نیشانە هەستیەکان و فۆڕمە دیاریکراو و

ئایکۆنی و شێوە ئایکۆنیەکان، هەرچۆن ڕێڕەوێکی لە میانی لێکدان و نزیک بونەوە لە فۆڕمە جەوهەرییەکان ، بەرەو نا هەستی گرتوە،بەلای هیچ شتێکی ژیانی دەرەکیدا ناچن و فۆڕم و نیشانە پەتیەکان دوورن لە مانا ستاتیکیە هونەرییەکان .

**سیستمی کۆمپۆزشن:**

ئەم کارە لە دوو توێی سیستمێکی هاوسەنگی نێوان فۆڕم و ڕەنگەوە خۆ دەنوێنێ، ڕەنگەکان شینن و، لەسەر شێوەیەکی چوارگۆشە ڕێکخستنێکی ڕەنگی پێکهێناوە، سیستمی کارکردنی هونەرمەند لە ڕەنگدا سیستمێکی هێمنەو پشتبەستە بە تۆناتی ڕەنگی شین ، لەم حاڵەتەدا گوزارشت لە لایەنی شارەزایی ئەکادیمی هونەرمەند دەکات، کە شێوازی ئەکادیمی بە گشتی پشتبەستە بە هارمۆنی و پلەی ڕەنگ.

لێرەوە دەبینین کۆمپۆزشنی بنیاتیی بۆ ئەم کارە دەچێتە میانی سیستمێکی ئازادی نا ڕێکخراوەوە. بەتەواوی سادەیی پێوە دیارە.

**تەکنیکی خستنەڕوو:**

لێرەدا هونەرمەند هەوڵی نەداوە کە تێکەڵکردن لە نێوان ڕەنگەکاندا بکات ، بەڵکو لە بەرامبەردا ئەو ڕەنگانەی بەکارهێناوە کە ڕاستەوخۆ لە نێو تیوبەوە دێنەدەر ، ئەمەش خاڵێکی گرنگە کە هونەرمەندانی مینیمالیزم پەیڕەوی دەکەن، ڕۆڵی ڕەنگ لەم کارەدا لە پێناو هەرچی زیاتر کردنی کارایی و دینامیکیەتی فۆڕمەو، ڕیتم و گونجاندن لە بزاوتی فۆڕمە چوارگۆشەییەکەدا ڕێک دەخات، کە ئەنجامێکی سەیرو سەرکەوتووی بە کارەکە بەخشیوە.

ژێدەرو ناوەڕۆک:

هەرچی دەربارى ناوەڕۆک و مانایە ، ئەوا دەق کراوەیە و لەسەر گۆڕینەوەی پەیوەندی نێوان فۆڕم و ڕەنگ دامەزراوە و، هەر ئەمەشە ئەو ئازادی و سروش وەرگرتنە بە بینەر /وەرگر دەبەخشێ کە پێویستیەتی یا دەیەوێت، وێنەکە مانای ڕون و ڕاستەوخۆ و دیاریکراو نا بەخشێ، بە هۆکاری ئەو کرانەوە ئاماژەییەی کە سیستمە مینیمالیزمەکە بۆ دەگەڕێتەوە، ئەم کرانەوە ئاماژەییەش ماناگەلێکی گۆڕاو و گەردونی وا بە دەق دەبەخشێ کە بۆ ناشوێن و ناکات درێژ دەبێتەوە.

بۆ نمونە ئەو وێنەیە لە تاکە ڕەنگێک پێکهاتووە کە هونەرمەند ئەوپەڕی سادەیی بەخشیوە بە کارەکە وەکو وایە بڵێت کە هەر ئەوەندەیەو هیچی تر ئەوەی ئەی بینی هەر ئەوەیە .

ڕێبازو ستایل:

لەم کارەدا ستایلی کارکردنی هونەرمەند دەکەوێتە میانی ستایلە مینیمالیزمەکانەوە ، بە دەستنیشانکراویش سەمتی (مانا) ، کە لە سیماو خەسڵەتە تایبەتمەندەکانی هەڵگری مینیمالیزم بێت لە بە دیهاتوە بینەییەدا، بریتین لە پەرتبوونی یەکەی سەنتەرگیر لە تابلۆداو، کرانەوەی گوتاری دەقە لە ڕێی ئازادی و ڕەهایی پەخشی ئاماژەوەو، مانەوەی کۆتاییەکانە بە کراوەیی، هەرچۆن هەست بە کەسایەتی خودی لە ستایلی کارکردندا ناکەین، بەڵکو سیستمی شێوەیی لە کارکردندا ژێدەری خۆی لە ئەزمونە ڕۆژئاوایی و جیهانیەکانەوە دەخوازێ.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٥)، زستان ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

شێوە(٣)



هونەرمەند: مدحت کاکەیی

ناونیشان :بێ ناونیشان

مادەیی بەکارهاتوو:ئەکریلیک لەسەر کانڤاس

پێوانەی تابلۆ: ١٢٠×120سم

ساڵی بەدیهێنان: ٢٠٢١

خاوەندارێتی تابلۆ: ستۆکهۆڵم

**چاوپیاخشاندن:**

کارەکە لەسەر بنەواچەی داپۆشینی ڕووە بینەییەکە بە فۆڕمە ئەندازەیی و شێوە ئەندازەییەکان ڕێکخراوە، کە تایبەتمەندێتیەکی ستایلی هەیە، بە پێی ئەو ڕەنگە سورەو فۆڕمەی بەکاریهێناوە کە لە ڕێیانەوە بەهای فۆڕمە ئەندازەیی و شێوە ئەندازەییەکە دەکرێت، کە خۆی لە بونیادێکی چۆڵ و خاڵی لە فۆڕم و نیشانەی هەستی ڕاستەوخۆدا دەبینێتەوە.

**سیستیمی کۆمپۆزشن:**

هونەرمەند توانیویەتی نیگارە بە دیهاتوەکەی لەسەر کۆمەڵێ لە نیشانەی ئەندازەیی و شێوە ئەندازەیی بنیات بنێت، گەر ئەم فۆڕمە ئەندازەییانە دیاری بکەین، ئەوا بریتین لە نیمچە بازنەو چەند شێوەیەکی نارێک کە هونەرمەند بە جۆرێک کێشاویەتی کە هاوسەنگی دروست کردوە لە هەموو لاکانی تابلۆکە، کە بەجۆرێک چاوی بینەر هەست

بەبوونی کۆمەڵێک فیگەر دەکات کە لەسەر  ڕووی تابلۆکە کە توانیویەتی گوزارشتە هونەرییەکەی لەڕێگەی ئەو چەند جوڵەیەوە بگەیەنێت و لە هەمان کاتیشدا بە ڕەنگێکی سووری تۆخ داپۆشیون .

**تەکنیکی خستنە ڕوو:**

بەڵام لەڕووی سیستمی تەکنیکیەوە، هونەرمەند توانیویەتی داڕشتەیەکی تەکنیکی لە میانی گەمەکردن بەرەو بنیاتنەرەکانەوە بکات ئەویش لە ڕێی بەکارهێنانی لێدانی پەرەموچی خێراو هەنوکەییانەوە، لە بەشێکی زۆری کارکردنە نیگارکێشانەکەیدا، هونەرمەند توانیویەتی گوتارێکی هەنوکەیی بون و هەڵچوونی جێبەجێکردنمان لە نێو کایەی خاکەو ساودا پێ بگەیەنێ.

**ژێدەرو ناوەڕۆک:**

هاوکاتی هەموو ئەو چارەسەرە تەکنیکیانەی خراونەتە ڕوو، هەمەچەشنەیی ساویی و تەکنیکی بە دیهاتوو چێژێک دەبەخشێتە واتای کارە بەدیهاتوە بینەییەکە، بەدوور لەسەر لە نوێ ناردبەوەی بۆ هەر ژێدەرێکی فشارهێن. وەرگر بە چێژ وەرگرتنێکی پەتییەوە  سەرقاڵ دەبێت، زۆر درەنگ دەگەڕێتەوە سەر ئەو ڕێچکەیەی پرسیار دەرباری ناوەرۆکی کارەکە لە خۆی بکات، کە ئەویش ڕێرەوێکە چاڵ و چۆڵ.کەواتە پەیوەست بونەوەی بینەیی پێش پەیوەست بونەوەی واتایی دەکەوێت.

ڕێبازو ستایل:

ئەزمونەکانی (مدحت کاکەیی) ئەزمونگەلێکە کە توانای تاکگەرایی بەدی دێنێ لەڕێی شێوازو تەکنیک و چارەسەرە شێوەیی و بینەییەکانەوە و تایبەتمەندیی کاراکردنی کەرەسەو تەکنیکی هەمە چەشنەوە نزیک بوونەوەیەکی زۆر خۆ نزیک دەکەنەوە لە مینیمالیزم .کە وەرگر لە تەک خۆیدا ڕوەو ڕەهەندگەلێکی دوورو فراوان دەبات.توانیویەتی سود لە شێوە و تەنە ئەندازەییەکان وەربگرێت بۆ ئەنجامدانی کارەکەی.

## ئەنجام

١ـ (هونەرمەند مدحت کاکەیی)وەک هونەرمەندانی مینیمالیزمی ڕۆژئاوایی، بابەت و چێژگەراییان جێ هێشتووە، هەروەک هەستاوە بە هەڵبژاردنی بەشەکیەکانی بابەت و خۆی لاداوە لە بابەتی ڕاستەوخۆ و گشتی . و لە ڕێی پارچە بە شەکیەکانەوە گوزارشت لە هەمەکی تایبەتی دەکات، بەمەش ئازادییەکی ڕاستەوخۆی بێ کۆت وبەندی بە دەست هێناوە، کە توانیویەتی بەکارە ساکارو ناسکەکانی سەرنجی وەرگر بۆ کارەکانی ڕاکێشێت.

٢ـ بەرەنجامی بەکارهێنانی ماددەو کەرەسەی جیاوازی نائاسایی، لە تابلۆکاندا ڕوی خاوەن ساوی تایبەت بەدیهاتووە، دەبینین ستایلی کارکردن لای هونەرمەند (مدحت کاکەیی) لە ڕووی بە دیهێنانی بۆ ساوی تایبەت کە سروشی کۆنێتیمان دەداتێ و لە هەمان ئەنجامەکانی (کینس نۆلاند) نزیک دەبێتەوە.

٣ـ ڕەنگ هەژمونێکی گەورە لەسەر ڕووی بینەیی پێکدێنێ، کە جیایەک دەبەخشێ بە ئەزمونی هونەریی هونەرمەند، چۆن ڕەنگ بۆ خۆی ئامادەییەک تۆمار دەکات و سیمایەکی جیاواز و نیشانەیەکی هاوشان دەنوێنێ لە نێو بەرهەمە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٥)، زستان ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بە دیهاتووە شێوەکاریە هاوچەرخەکانداو، بە دیاریکراویش لێرەدا لەو کارانەدا کە سروشی چەمکی ئیستاتیکی و تەکنیکیان لە ئەزمونە خۆرئاواییە نوێیەکان وەرگرتووە.

٤ـ شکاندن و شێواندنی ئەو پەیوەستی و پەیوەندیە لۆژیکیانەیەی کە دەقی بینەیی دەکاتە یەک ،بە و مانایەی کە هونەرمەند توانیویەتی تەنها لەڕێگەی یەک ڕەنگ و یەک فۆڕمی ئەندازەیی لە شێوەی چوارگۆشە بەرهەمە هونەرییەکانی بکێشێت، هەرچۆن لە کارە هونەرییەکانی هونەرمەندە ڕۆژئاواییەکاندا بەدیمان کرد ، لێرەدا هونەرمەند بەتەواوی کارە هونەرییەکەی سادەو ساکار کردۆتەوە تا ئەوپەڕی سادەیی کە هیچ مانایەک نابەخشن تەنها پەیامێکە کە هونەر مەند لەڕێی کارەکانیەوە پێمان دەڵێت ئەوەی ئەیبینی هەر یەوەیە و هیچی تر، ئەوەش یەکێکە لە خاڵە تایبەتیەکانی هونەری مینیمالیزم .

**ـ لیستی سەرچاوەکان:**

ـ فەرهەنگەکان :

1ـ ابن منظور، جمال الدين محمد بن مكرم الأنصاري،( لسان العرب)،ج8 الدار المصرية للتأليف والنشر،د.ت ، مصر.

٢ـ معلوف، لويس،(1986)،المنجد في اللغة والأعلام، ط24، بيروت،دار المشرق .

٣ـ صليبا، جميل (1982)، المعجم الفلسفي ، الجزء الاول، دار الكتاب اللبناني ، بيروت .

٤ـ اندرية،لالاند(٢٠٠١)موسوعة لالاند الفلسفية، تر:خليل احمد خليل، ج٢،منشورات عويدات، بيروت، لبنان،ط٢.

٥ ـ مدكور،ابراهيم (1983)،المعجم الفلسفي ، الهيئة العامة لشؤن المطابع الأسرية ، د ط.

سەرچاوە عەرەبیەکان :

٦ـ ريد،هربرت(1975)تربية الذوق الفني، تر: يوسف ميخائيل أسعد ،دار النهضة العربية ،القاهرة .

٧ـ سميث،أدوارد لوسي (1995)، الحركات الفنية بعد الحرب العالمية الثانية، تر: فخري خليل، المؤسسة للدراسات والنشر،ط1،بغداد .

٨ ـ عبدالفتاح،سعيد(2016)،نقد العقل العلمي الحداثي عند إدغار موران ، مجلة العلوم الإنسانية و الإجتماعية، العدد 26، جامعة الوادي، الجزائر، سبتمبر.

٩ـ توماس مونرو، (1972)، التطور في الفنون ،ترجمة محمد علي أبو درة وآخرون ، راجعه أحمد نجيب هاشم ، جزء الثاني ، الهيئة المصرية العامة للكتاب.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٥)، زستان ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

١٠ـ فرانك، فليب (1985)،فلسفة العلم " الصلة بين العلم والفلسفة "، ترجمة ، د علي علي ناصف، المؤسسة العربية للدراسات والنشر ، الطبعة الأولى، بيروت.

١١ـ اهمز،محمود(٢٠٠٩)،التيارات الفنية المعاصرة،شركة المطبوعات للتوزيع والنشر،بيروت،لبنان،ط٢.

١٢ـ المبارک،عدنان(١٩٧٣)الاتجاهات الرئيسية فى الفن الحديث على الضوء نظرية هربرت ريد،دارالحرية للطباعة،بغداد.

١٣ـ السباعى،هويدا(٢٠٠٧)،فنون مابعد الحداثة فى مصر والعالم،الهيئة المصرية العامة للكتاب،القاهرة.

١٤ـ حسن،اسامة اسماعيل على (٢٠١٦)،المينيماليزم كاتجاه فى التصميم الداخلى السكنى(دراسة تطبيقية)، جامعة الزرقاء للبحوث والدراسات الانسانيةـ المجلد السابع ـ العدد الثانى.

سەرچاوە کوردییەکان :

١٥ـ قوباد،سەنگەر(٢٠١٩)،هونەرو هونەرەکانی هونەر، ناوەندی غەزەلنووس بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە،سلێمانی.

١٦ـ محمدی،ئارام(٢٠١٧)،ئینسایکلۆپیدیای هونەری مۆدێرن و هاوچەرخ، لە بڵاوکراوەکانی چاپەمەنی مانگ،ئێران،بانە.

١٧ـ محمود،رامیار(٢٠١٧)،هونەری شێوەکاری نوێ، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ئایدیا بۆ فکرو لێکۆڵینەوە،سلێمانی.

١٨ـ هۆچ،سوزی(٢٠١٧)،مێژووی هونەری شێوەکاری، وەرگێڕ: هەڵگورد ئەحمەد، ناوەندی غەزەلنووس بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە،سلێمانی.

سەرچاوە ئینگلیزییەکان :

١٩_Mark Carrington Baker(1988),A Theory of Grammatical Function Changing ,University of Chicago Press .

٢٠ _Gregory Battcock, (1985), Minimal Art: A Critical Anthology, London.

٢١ـ https://vrgl.ir/OLZKb.(ئەحمەدی-ئۆنلاین)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٥)، زستان ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**ملخص**

لقد أثر التقدم التكنولوجي على جميع مجالات الحياة ، وخاصة في مجال الفن ، حيث رسم الفنانون بشكل أكثر فكريا ، مما أدى إلى ظهور عدة مناهج فنية ، بما في ذلك فن التبسيط ، ويتكون نطاق هذا البحث من السنوات التي قام الفنان بأداء أعماله ، وأسلوب البحث هو وصف تحليلي لأعمال الفنان (مدحت كاكەيي) ، وينقسم البحث إلى ثلاثة محاور رئيسية ، المحور الأول يتكون من (مشاكل ، أهمية ، أهداف ، حدود مع تعريف المصطلحات. ) ، المحورالثاني يتضمن ثلاث نقاط (مفهوم التقليلية ، تاريخ ظهور فن التقليلية ، خصائص فن البساطه(تقليلية) ، المحورالثالث (مجتمع البحث، ويشمل التحليل وتحليل العينات والنتائج وقائمة المصادر وملخص البحث باللغتين العربية والإنجليزية. وبعد تحليل العينات توصل الباحث إلى استنتاج مفاده أن الفنانين الأكراد وخاصة الفنان (مدحت كاكەيي) رسموا بمهارة أعمالا تجد نفسها إلى جانب الفنون العالمية ، ويمكن رؤية كل خصائص الفن مينيماليزم في أعماله.

الكلمات المفتاحية: السمات ، الفن ، التقليلية ، المفهوم ، التاريخ.

## Characteristics of minimalism art in the works of (Medhat Kakeyi)

**Abstract**

The advancement of technology affects all areas of life, especially in the field of art. Artists painted in an ideological way, which led to the emergence of several artistic approaches. One of the most important arts that emerges was the art of minimalism. This research discusses the characteristics of minimalism in the works of Medhat Kakey, a new direction of contemporary art. The scope of this research consists of the years in which the artist has performed his artistic works for the works of Medhat Kakey. The purpose of this research is to show the artistic characteristics of minimalism in his works. In addition to the introduction and conclusions, the research is divided into three main topics. The first topic consists of (problems, importance, goals, definition of terms), the second topic includes three points research includes that the art of minimalism among the works of artist( Medhat Kakeyi), writing separately from the introduction and results and terminology. The second criterion includes three items (the field of minimalism, the history of the emergence of minimalism, and the features of minimalism). The third topic (The sample of the research, sample analysis, conclusions, list of sources and summary of the research in Arabic and English. This research has been made to present the characteristics of minimalism in the works of artist (Medhat Kakeyi). After analyzing the samples, the researcher came to the conclusion that Kurdish artists, especially artist (Medhat Kakeyi) has skillfully painted works that find themselves alongside the world arts, all the characteristics of minimalism art can be seen in his works.